ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

# راپۆرتی چالاکیەکانی

# رێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر

# هەولێر

# راپۆرتی چالاکیەکانی رێکخراو بۆ ساڵی 2014

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

## زانیاری گشتی :

**رێکخراو مۆڵەتی یاسایی وەرگرتوە بە پێ فەرمانی ئەمیندایەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە بغداد بە ژمارەی 1075356 لە رێکەوتی 9-5-2012. وە مۆڵەتی یاسایی رێکخراو لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان ژمارە ی تۆمار ( 134 -گ ) بەرواری دەرچوونی بەلگەنامەی تۆمار : 26-3-2013.**

**ئامانجی رێکخراو ناساندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی دەربارەی یەکسانی جەندەری و بنەماکانی ماف مرۆف ، رێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر رێکخراوی نا حکومیە و قازانج نەویستە و سەربەخۆیە ، و تایبەتە بە کێشەکانی جەندەر و ئافرەت و کاردەکات لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و بلاوبونەوەی یاسا و بنیادنانی کۆمەلگای مەدەنی ، لە رێگای جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە کان.**

**وە رێکخراو ئەندامە لە چەندین تۆر لەمانە:**

**1-تۆری چاودێری کردنی مافی مرۆف لە کوردستان.**

**2-تۆری رۆژ بۆ چاودێری کردنی هەلبژاردن.**

**3-تۆری ماف بۆ یاسای رێکخراوە نا حکومیەکان.**

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

4-تۆڕی دادپەروەری بۆ زیندانیان لەسەر ئاستی عیراق.

5-تۆڕی نا بۆ توندو تیژی لە کوردستان.

6-پالاتفۆرمی نا بۆ شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ مێینە.

7-منسقی هەولێر بۆ گروپی .UPR.

8-ئەندام لە تۆڕی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

9-ئەندام لە گروپی ژیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان.

10-ئەندام لە گروپی (مروف ) بۆ چاودێریکردنی پێشلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە عیراق.

## گرنکترین چالاکیەکانی رێکخراو لەساڵی 2014

1-لە رێکەوتی 2014-1-26 وەکو سیمینارێك بۆ (40) ئافرەت لە گوندی بەستۆرە سەر بە قەزای شەقلاوە لە میانەی چالاکیەکانی رێکخراومان بە هاوکاری رێکخراوی یونسیف و رێکخراوی وادی ئەلمانی دەربارەی هۆشیاری لەسەر بابەتی خەتەنەکردنی کچان .






2- لە رێکەوتی 27-1-2014 سیمینارسیمینارێك بۆ (45) ئافرەت لە قەزای بنەسڵاوە شەقلاوە لە میانەی چالاکیەکانی رێکخراومان بە هاوکاری رێکخراوی یونسیف و رێکخراوی وادی ئەلمانی دەربارەی هۆشیاری لەسەر بابەتی خەتەنەکردنی کچان .










3– لە رێکەوتی 2013-11-16 تا 2014-12-1 کردنەوەی سەنتەری نەهێشتنی نەخوێنەدەواری بۆ خێزانە ئاوارەکان لە قەزای بنە سلاوە وە راهێنانی پیشەیی بۆ 97 ئاوارە (75 ئافرەت و 22 پیاو) لەسەنتەری ئایندە 2 لە قەزای بنەسلاوە .

ريكخراوى ليكۆڵينەوەو زانياريەكانى جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

پرۆژەکە بریتی بوو لە نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئافرەتان و کچانی ئاوارە لەنیتەمەنیان لە نێوان (15 تا 50 ) ساڵ بوو وە راهێنانیان لەسەر پیشە ی ( خولی دوورمان و حولی کومپیوتر ) وە هۆشیاری دەروونی و کۆمەلایەتی .

ماوەی پرۆژەکە 8 مانگ بوو پرۆژەکە واژوو کرا لە ریکەوتی 2013-8-6 وە پرۆەکە جێبەجێکرا لە رێکەوتی 2013-11-16 بۆ ماوەی سێ مانگ دواتر پرۆەکە راوەستا لەلایەن رێکخراوی یونسکو کە بودجەی تەواویان نیە بۆ تەواو کردنی پرۆەکە بەلام ئێمە وەکو رێکخراو بەردەوام بووین لە جێبەجێکردنی یرۆژەکە بۆ ماوەی دوو مانگ موچەی فەرمانبەرانی پرۆژەکە و ماموستایانی پرۆژەکە لەلایەن رێکخراومانەوە درا ، دواتر یونسکۆ دووبارە دەستی بە پرۆژەکە کردەوە لە رێکەوتی 2014-9-1 تا 2014 -12-1 لە کۆتاییدا سازدانی ئاهەنگ بۆدەرچووان کرا دابەشکرنی دیاری بەسەر یەکەمەکان.
















4- لە ڕێکەوتی 2014-2-7 تا 2014-2-10 بەشداری کردن لە کونفرانسی نەتەوەیی بۆ ئافرەتان لە ووڵاتی هندستان بەبەشداری 58 ووڵات و ئامادەبوونی 1000 ئافرەت لە هەموو ووڵاتاتی جیهان و ئامادەبوونی بانگەوازخوازی جیهانی (شیری شیری رافی شنکار ) ، لە کونفرانسەکەدا چەندین راپورت و لێکولینەوە پیشکەش کرا لەسەر بارودوخی ئافرەتان لە ووڵاتانی جیهان وە چونیەتی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان ، وەفدی کوردستان پێکهاتبوو لە 25 ئەندام کە بریتی بوون لە چالاکوانانی بواری ئافرەت و بەریوەبەرەی گشتی و بەریوەبەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەندام پەرلەمان.

ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية









www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

5- لەرێكەوتی 2-6-2014 بەشداری كردنم لە رادیو دەنگی كوردستان دەربارەی رۆڵی رێكخراوەكانی ئافرەتان لە بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان لەكوردستان لەگەل روژنامەنوس ئالان نقشبندی و پیشكەشكەری بە توانا چۆمان هیوا .






6- لە رێكەوتی 9-6-2014 سازدانی كونفرانسێك لە هۆڵی ماموستا سەعد عبدالله ، ئامانجی پرۆژە بریتی بوو لەبەشداری كردنی ئافرەتان لەبواری سیاسی لە كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ،بەشداری كردنی ئافرەتان بەرێژەی 30% بة هاوكاری رێكخراوی نرویجي NPA.

پرۆژەکە بریتی بوو لە فشارکردنە سەر حکومەتی هەرێم بەمەبەستی بەشداریکردنی ئافرەتان لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم و پوستەکانی شوێنی بریار ، وە لەکونفرانسەکەدا سەرکردە سیاسیەکانی پارتە دەسەلاتدارەکان و رێکخراوەکانی دوەلیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی وە کونسلٚ و چالاکوانانی کۆمەلی مەدەنی لە هەرێم و ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان و گروپی ئاشتی پارتە سیاسیەکان لە کوردستان.

ماوەی پرۆژە : مانگێك.

سوودمەندان (217)- 137 ئافرەت 80 پیاو .





ريكخراوى لێكۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية









www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية







**7- لە رێکەوتی 2014-8-27 بەشداری کردن لە هەڵمەتی ( کچەکانمان بگەرێنەوە ) لەگەڵ دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە بەشداری چالاکوانانی کۆمەلی مەدەنی و رۆژنامەنووسان بۆ سەرەنج راکێشانی رێکخراوەکانی دوەلی بۆ گەرانەوەی کچە یزیدیەکانمان کە بەندن لای تیرۆرستانی داعشەوە**

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية










8- لە رێکەوتی 30-8 - 2014 لەکەمپی بەحرکە بۆ ئاوارەکان لەگەڵ کۆمەڵێك لە - رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەڵساین بە دابەش کردنی دیاری بەسەر مندالانی کەمپەکە.

ريكخراوی لێكۆڵینەوەو زانیاریەكانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية









**9- لەرێکەوتی 2014-9-1 تا 2014-11-30 دە ستپێکردنی پرۆژەی (هۆشیاری کردنی ئافرەتان و کچان لە لادێ و گوند و قەزاکانی پارێزگای هەولێر ) بە هاوکاری رێکخراوی یونسف و وادی ئەلمانی .**

**ئامانجی پرۆژە : هۆشیاریکردنی ئافرەتان و کچان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان. پرۆژەکە بریتی بوو لە هۆشیارکردنەوە دەربارەی مەترسیەکانی خەتەنەکردنی مێینە و لە ڕێگای سازدانی سیمینار ی تەندروستی و یاسایی و هۆشیارکردنەوەی لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی کە لەیاساکەدا ماددەیەك باس لە سزادانی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کرداری خەتەنەکردن کچان بە زیندانی کردن یاخود بە غەرامەی مالی .**

**ماوەی پرۆژە : 3 مانگ و ژمارەی سوودمەندان (1142) ئافرەت .**

















ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

8- لە رێکەوتی 2014-9-3 تا 2014-12-3 وە بە هاوکاری رێکخراوی UNFPA جیبەجێکردنی پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان و ئاوارە لە ناحیەی هەنکاوە و ناحیەی شاوێس.

ئامانجی پرۆژە: بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی لەسەر بنەمای رەگەز بۆ کچان و ئافرەتانی ئاوارە و پەنابەر لە ناحیەی عەنکاوە و ناحیەی شاویس .

پرۆژەکە بریتی بوو لە هۆشیارکردنوەی ئافرەت و کچانی ئاوارە و پەنابەر لە ناحیەی عەنکاوە و ناحیەی شاویس و کردنەوەی خولی راهێنانی پیشەیی ( خولی دوورمان و خولی سەرتاشین و جوانکاری ) ، هەروەها پیشکەشکردنی راوێژکاری دەرونی و کۆمەلایەتی

ماوەی پرۆژە : 3 مانگ.

سوودمەندان : ( 720 ) ئافرەتی ئاوارە و پەنابەر لەهەردوو ناحیەی عەنکاوە و شاویس.













9- لەرێکەوتی 20-11-2014 سەرپەریشتنی کردن و بەشداری کردن لە کونفرانسی ( پاراستنی ئافلرەتان و سەقامگیری ئاشتی) بەسەرپەرشتی سەرۆك وەزیرانی کوردستان و بانگەوازخازی جیهانی ( شیری شیری رافی شنکار ) و ئامادەبوونی وەزیری کاروباری ئافرەتان و کونسل و پارتە سیاسیەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و چالاکوانانی مافی مرۆڤ ، وە لە کونفرانسەکەدا رێز لێنانننام پێ بەخشرا لەگەل ژمارەیەك چالاکوان دیاری ئاشتیمان پێ بەخشرا لەلایەن بانگەوازخوازی ئاشتی ( شیری شیری رافی شنکار ).











**10- لە رێکەوتی 2014-11-25 وە بە هاوکاری لەگەل رێکخراوی (الرابطة الدولية للقيم الانسانية ) وە رێکخراوی DLS charity**

**ئەمریکی هەڵساین بە دابەش کردنی 3500 جل و بەرگی زستانە لە کەمپی شاریا لە دهۆك بەسەر ئافرەتان بەبۆنەی 16 رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان .**

ريكخراوى لێكۆڵینەوەو زانیاریەكانى جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية






**11- له رێکه‌وتی 12-12-2014 وه بۆ ماوه‌ی سێ رۆژ سازدانی وۆرکشۆپ بۆ 20 خۆبه‌خشی رێکخراومان له سه‌نته‌ری رێکخراومان له عه‌نکاوه له‌گه‌ل رێکخراوی(معا لحماية المراة والبيئة ) ورێکخراوی UNFPA دەربارەی روشنبیری کردنی گەنجان .**

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

ريكخراوى لێکۆڵینەوەو زانياريەكانى جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية









**-12 له ڕێکەوتی 18-12-2014 وه بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سازدانی وۆرکشۆپ بۆ 20**

**خۆبەخشی ڕێکخراومان له سەنتەری ڕێکخراومان له شاوێس لەگەل ڕێکخراوی(معا**

**لحماية المراءة و البيئة ) وريَکخراوى UNFPAا**

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

## دەربارەی روشنبیری کردنی گەنجان .









www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261